

## هەرجارەی بیرمەندێك

# شکسپیر

## گەنجینەی نەتەوەیی ئینگلیز



**لە ئینگلیزییەوە : شاسوار کەمال مەحمود**

ویلیەم شکسپیر (١٥٦٤-١٦١٦) بەشاعیر و شانۆنووسی ئینگلیز دادەنرێت‌و بە گەورەترین نووسەری ئینگلیز و زۆربەی کات بە شاعیری نەتەوەی ئینگلیز ناو دەبرێت.

کارە زیندووەکانی بریتین لە (٣٨ شانۆگەری ،١٥٤ سۆنێت،٢ قەسیدەی شیعری درێژ) لەگەڵ هەندێك هۆنراوە.شانۆگەریەکانی بۆ زۆربەی زمانە زیندووەکانی دنیا وەرگێردراون و لەسەر تەختی شانۆیی زۆر شوێنی جیهان نمایشکراون.

شکسپیر لە تەمەنی (١٨) ساڵیدا (Ann Hathway)ی دەکاتە خێزانی و ٣ منداڵی دەبێت دەبێت.لەماوەی ساڵانی (١٥٨٥-١٥٩٢) سەرکەوتوانە لە لەندەن کاردەکات وەك ئەکتەر،شانۆنووس،شەریك لە هۆڵی شانۆ.

زۆربەی کارەکانی لەماوەی ساڵانی ١٥٩٠-١٦١٣ نووسیوە.کارە سەرەتاییەکانی کۆمیدی و مێژوویی و پاشان کارە تراژیدیەکانی نووسیوون لەوان (هاملێت،شا لیر،ماکبێس) کە بەباشترین کارەکانی زمان ئەدەبی ئینگلیزی دادەنرێت.

لەقۆناغەکانی کۆتایی نووسینیدا ،شکسپیر،کارە رۆمانسیەکانی نووسیوە و لەگەڵ شانۆنووسەکانی تردا کاری هاوبەشی ئەنجام داوە.

شکسپیر لەماوەی ژیانی خۆیدا ئەوکاتەی لە ژیاندا مابوو شاعیرێك و شانۆنووسێکی رێزلێگیراو بووە،بەڵام ناوبانگی راستەقینەی دەگەرێتەوە بۆ سەدەی نۆزدەهەم، ئەوکاتەی (رۆمانتیك و ڤیکتۆرییەکان) بوونە هەڵگری روح و پەیامی کارەکانی و زۆربەی نووسەر و شاعیرەکان بەکارەکانی شکسپیر کارگەربوون،لەسەدەی بیستەمیشدا زۆر بەخێرایی کارەکانی بەسەرتاسەری دنیادا بڵاوبوونەوەو نمایشکران.ئێستاش شانۆگەریەکانی شکسپیر بەناو بانگن و نمایش دەکرێن و دەخوێندرێن و لێکۆڵینەوەیان لەبارەوە دەکرێت.

هەندێك لە کارەکانی:

١- کۆمیدی: A Mid Summer Night's Dreams، The comedy of Errors، As you like it

٢- مێژوویی: King John ، Richard II ، Henry IV

٣- تراژیدی: Romeo and Juliet ،Hamlet ، Macbeth

**سەرچاوە :ئینتەرنێت**